Nuê Âûwaî

خاوەن ئیمتیاز : ئۆرگانی ڕاگەیاندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان
سەرنووسەر: محەممەدی خۆشچێهرە / https://www.facebook.com/mkhoshchehreh
Tel: 00964 770 8659259
هیوای نوێ لە سەر ئەم ماڵپەڕە بخوێنەوە: www.ydkurd.com
Email: ydkurd@gmail.com

# هەنگاوی بەرەو دوا

**ئیدریس مۆرادی**

فرێدریش ڤۆن هایک لە سەرەتای کتێبێکی بە ناوی "ڕێگای کۆیلایەتی" لە بەشی "ڕێگای وازلێهێنراو"دا دەنووسێت" هەرکاتێک لە ڕێڕەوی شارستانیەتێکدا، لە پڕ گۆڕانکارییەکی چاوەڕواننەکراو لە ئاراستەی ڕێگاکەدا خۆی نیشاندا- کاتێک لە جیاتی پێشکەوتنی بەردەوام کە چاوەڕوانی بووین، خۆمان لە بەردەم ئەو هەڕەشە شەڕئەنگێزییانەدا دەبینینەوە کە لە ڕابردووی بەرپەرییەت لە گەڵماندا بووە بە شێوەیەکی سرووشتی هەموو شتێک بە تاوانبار دەزانین و سەرزەنشتی دەکەین بێجگە لە خۆمان نەبێت".

لە ڕاستیدا بەو شێوە تاوانبار کردنەی جیهانی دەرەوی خۆمان لە هەمبەر گۆڕانکارییە نەرێنییەکان کە زەرەری ڕەوتی دڵخوازی ئێمەی لێدەکەوێتەوە، سرووشتی مرۆڤە و بێگومان سرووشتیشە کە پەرچەکردار و هەڵەشەییش بە دوای خۆیدا بێنێت بەڵام ئەوەی ناسرووشتییە کە هەرگیز بیر لە هۆی ناوخۆیی و کەمایەسی خودی خۆمان ناکەینەوە و هەمیشە تاوانەکە دەخەینە سەر هۆکاری دەرەکی بۆ گۆڕینی ئاراستەکان کە بە زەرەرمان شکاوەتەوە، هەرگیز خۆمان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانە ناکەینەوە کە دەبێ بۆ وڵامەکەی لە ناوەوەی خۆمان و بە دوور لە پاساوهێنانەوە بە دوایدا بگەڕێین.

لێردەدا مەبەستمە بارودۆخی ئەم دواییەی باشووری کوردستان و دوای هاتنی حەشدی شەعبی و سوپا و پۆلیسی فێدراڵی عێراق بۆ کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان بخەمە بەر باس و بە لە بەرچاو گرتنی زیاتر لە سێچارەکە سەدە، خەبات لە پێناو ڕزگاری و ئازادی و شکۆمەندی نەتەوە و مرۆڤی کورد، دواجار خۆمان بخەینە بەردەم ڕەخنەی بریندارکەر و دەست بۆ نەخۆشینە کۆن و سەرپۆشکراو و نکۆڵی لێکراوەکان ببەین و وەک چۆن لایەنگرانی مەزهەبی شیعە دوای هەزار و چوارسەد ساڵ خۆیان بۆ خوێنی ڕژاوی ئیمامەکانیان بریندار دەکەن و لاشی خوێنین و سەری بە قوڕگیراویان هاندەری سووربوونیانە بۆ گەیشتن بە سەربەستی و جیهانگیرکردنی مەزهەبەکەیان، بە هەمان شێوە ئێمەی کوردیش چەقۆی تیژ پرسیار و خوێی سوێ هێنەری شەنوکەوی وڵامە ڕاست و درووست و واقیعییەکان لە سەر شێرپەنجەی دۆڕاندنەکانی مێژوومان دابنێین.

کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە و لە ڕووی جیئۆپۆلێتیکەوە ناوچەیەکی تایبەتە کە نەخوێندنەوەی هێزە کاریگەر و یاریکەرەکانی دەوروبەری ئەم جوگرافیایە و هەروەها کایە سیاسییەکان و ململانێ ناوچەییەکانی ئەم دەڤەرە، چەندین جار لە هەموو بەشەکانی کوردستان زەرەری لە بزووتنەوەی کورد داوە و هەمووشیان بۆ گەلی کورد جەرگبڕ و دڵتەزێن بوون. جیاواز لە هەڵە خوێندنەوەی هاوسەنگی هێزەکان و جۆری یاریە سیاسیەکان و نەناسینی کارەکتەرەکانی نێو گۆڕەپانەکە ڕەخنەیەکی تر ئەوەیە کە هەر هەموو هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردی باس لە یەکگرتوویی و هاودەنگی دەکەن بەڵام لە کردەوەدا شتی تر دەبینین کە قورخکاری و هەوڵی دەستەمۆ کردنی ئەوانی تر یان لاوازکردنی هیز و لایەنە سیاسیەکانی تر دەدرێت بە بێ ئەوەی بیر لە ئەوە بکرێتەوە کە ئێمە لە قۆناخی ڕزگاری نەتەوەیی داین و پێویستی بە هاوکاری و هاودەنگی هەموو گەلەکەمان هەیە، بەڵام بە داخەوە دەبینین کە چ کارەساتێک بە سەر گەلەکەمان دا هاتووە کە لە ئەنجامی خۆ بە ڕاست و درووست زانین و ئەوانی تر بە خاین و ناپاک و بەکرێگیراو زانیندا ڕووی داوە، هەموو ئەو جۆرە لە بیر کردنەوە لە سەر هێزە سیاسی و لایەنە سیاسییەکانی بەرانبەرمان کە لە کوردستان بوونی هەیە بووەتە هۆی شکستی زۆر گەورە بۆ نەتەوەی کورد کە زاڵ بوونی زیاتری دۆژمنانی کوردی لێکەوتووەتەوە.

یەکێکی تر لەو دەردە کۆشندانەی کە هەنگاوی ڕزاگاری نەتەوەییمان بەرەو دواوە دەباتەوە ئەوەیە کە گەل و خاک بە ملک و ماڵی خۆت بە تەنیا بزانیت و بە هێز و لایەنەکانی تر ڕەوا نەبینیت کە بوونیان هەبێت و هەوڵی تواندنەوە و پووکاندنەوەی ئەوانی تر بدەیت، لێرەدا تەنیا پووکانەوە و تواندنەوەی ڕکابەر و هێزی بەرانبەرت نییە بەڵکوو پووکانەوە و چەماندنەوەی نەتەوەیەکە بەرانبەر بە دوژمن کە دوژمنی هەموو هێزە سیاسییەکانە بە بێ جیاوازی، لەم گۆشەوە دەبێ هەوڵی پووکاندنەوەی هێزە سیاسیەکانی تر ببینرێت کە چ هەڵەیەکی سیاسی کوشندیە و چ ئاسەوارێک لە سەر ڕۆح و دەروونی نەتەوە دادەنێت و هەموو هیواکان دەکوژێت و ئەو سەرکەوتنانەی کە شانازیشیان پێوە دەکرێت دەکەونە بەر مەترسی هەرەسی ئیرادەوە کە تەنیا پێناسەی بەرەو دوا ڕۆیشتنەوەیە.

◆

### درێژەی سەرووتار

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان بەشێک بووە لە پانتایی ژئۆپۆلێتیکی ڕووسیا، ئێمە گەڕاوینێتەوە بۆ ناوچەکە، ئێرانمان لە گەڵدایە و تورکیاشمان تا ڕادەیەک ڕازی کردووە کە لە گەڵمان بێت، ئامریکا هێزی دەریاییە( سی پاوێر sea power) ئێمە هێزی وشکانین( لاند پاوێر land power)، کوردستان لە سەر وشکانییە و لە پانتایی ژئۆپۆلێتیکی ڕووسیا دایە، ئامریکا ناتوانێت هیچ یارمەتییەکی ئێوە بدات، ئێمە وەکوو ڕووسیا بە هۆی ڕووخانی سۆڤییەتەوە درەنگ هاتووینەتەوە ناوچەکە و دەبوایە زووتر بهاتایەین بە دەم کوردەوە، ئێستاش درەنگ نییە و دەتوانن لە گەڵ پرۆژەی ئۆراسیاییدا بن و ببن بە خەڵکێکی بەهێز، گەر بتانەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی ڕابگەیەنن ئەگەری ئەوە هەیە کە وەک نەتەوە هەرگیز نەمێنێن و دەبێتە هەڕەشە بۆتان.

سیاسییەکانی کورد لە و سیمینارەدا، قسەکانی ئەلکساندر دووگینیان بە هەند وەرنەگرت. ئەو باسی هێڵە گشتی و سەرەکییەکانی سیاسەتەکانی ڕووسیای لە ناوچەکە کرد کە ئەم ناوچەیە لە ستراتیژی کاری سیاسی ڕووسیا پێگەیەکی ژئۆپۆلێتیکی گرینگی هەیە و پانتایی نەریتیی ژئۆپۆلێتیکی ڕووسیایە، ئەوان ڕێگە نادەن ئامریکا و


ئەلکساندر دووگین

ڕۆژاوا بە مەیلی خۆیان لەم ناوچەدا بن و کار بۆ دەر کردنی ئامریکا لە ناوچەکە دەکەن. ئەو کۆدانەی کە لە نێو وتارەکەیدا بوون، پڕ بوو لە هەڕەشە و ئاگادار کردنەوە و هەروەها پشتیبانیان لە شێوەی ئەو سیاسەتانەی کە لە ناوچەکە دەبێ بگیردرێە پێش کە ژئۆپۆلێتیکی ناوچەکەی پێ تێک نەچێت، چوون ئەوان وەک ڕووسیا ناهێڵن ئەوە ڕو بدات.

دەبینین کە بە بیانووی ڕیفراندۆم کە باشترین بیانوو بۆ هێڵی پەیرەو کردنی سیاسەتی ئۆراسیایی، لە پێش چاوی ئامریکا و وڵاتە ڕۆژاواییەکان، هێزی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی، هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستانی باشوور و شاری کەرکووک و چەندین شاری تری وەک شەنگال داگیر دەکەن، لە کاتێکدا کورد لە بەرەی دژە تیرۆر و هاوپەیمانێتیی دژە داعشدا بوون و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی کاریگەری ئەو شەڕە بوو، بە ئاسانی و بە بەرچاوی جیهانەوە هێرشی کرایە سەر و نیوەی خاکەکەیشی داگیر کرایەوە.

ئەوی ئێستا لە عەفرین ڕوودەدات، سوپای تورکیا و هێزە ئیسلامییە تۆندڕەوەکانی بە ناو سوپای ئازاد، هێرشی بەرفراوان و نابەرابەریان کردووەتە سەری و ڕووسیا خۆی لەوێ کشاندووەتەوە و سووریا و ئێرانیش بێدەنگن، لە چوارچێوەی هەمان پرۆژەی ئۆراسیایی ڕووسیادایە کە ئامانج دەرپەڕاندنی ئامریکایە لە ناوجەکە کە بە یەکجاری لە حەوزی ژئۆپۆلێتیکی ئۆراسیایی ڕووسیا دەر بکرێت

◆

# هەرێمی کوردستانی باشوور لە نێوان یاری سیاسەت و یاسادا

**هاوار مۆدەبێر**

دوای ڕووخانی ڕژیمی بەعس، هەرێمی کوردستانی باشوور، خاوەن پێگەی بەهێز و ئاسایشێکی متمانە پێکراو بوو و هەر ئەوەش بووە هۆی گەشەسەندنی ئەم هەرێمە کە بەشێک بوو لە عێراقی فیدراڵ، عێراقێک کە تەواو لە قەیران و شەڕ و ململانێی سیاسیدا ڕۆچوو بوو، لەو ڕۆچوونە قووڵاییەی قەیران، کێشە یاساییەکانی هەرێم و بەغدا گرینگییەکی ئەوتۆیان پێنەدرا و مادەیەکی یاسایی وەک مادەی ١٤٠ بە بیانووی جۆراوجۆر پشتگوێ خرا.

حکوومەتی فێدراڵی عێراق لە لاواز بوونەوە خۆی هەڵکشاند بۆ سەرکەوتنی سەربازی بە سەر داعشدا و سەرمەست لە سەرکەوتن ئەمجارەیان بە ستراتیژێکی نوێ و بە هێزێکی سەربازی تۆکمەوە، فشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاد کرد کە دوای پاشەکشەی هێزەکانی هەرێم و گەڕانەوە بۆ سنوورەکانی ٢٠٠٣، ئەم جارەیان جیاواز لە کاتەکانی پێشووتر حکوومەتی ناوەندی کارتی بەهێزی یاسا و دەستووری عێراق وەک ستراتیژی سیاسی بەکار هێنا کە بۆ هەمیشە هەرێمی کوردستان لە ڕووی هێز و توانایی جووڵەی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسییەوە لە بن دەسەڵات و چاودێرییدا بێت.

لە نێو یاریە سیاسییەکاندا، ئەو لایەنەی کە بتوانێت ستراتیژی سیاسی ڕێک و ورد دابڕێژێت و لایەنی بەرامبەری بخاتە نێو تەڵەی یارییەکەیەوە، دەتوانێت سەرکەوتنی گەورە بە دەست بخات، نموونەی ئەم جۆرە لە ستراتیژی سیاسییەش، بە کارهێنانی دەستوور و یاسا بوو بەرامبەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا، هەرێمی کوردستان ناچارە بە تەسلیم بوون بە دەوڵەتی ناوەندی بە پێی هەمان دەستوور کە دانیشتوانی هەرێم دەنگی بەڵییان لە سەر داوە و کراوەتە بنەمای داڕشتنەوەی ستراکچێری دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی نەبوونی ستراتیژی ڕوونی سیاسی، لە یاریی نێوان سەربەخۆیی و پاشەکشێ، پاشەکشێی بەر کەوت. بەڵام لێرە دەبێ ئەوش ڕوون بێت کە ئەو پاشەکشەیەی کە هەرێمی کوردستان کردوویەتی بە واتای دۆڕاندن نایەت، لە کایە سیاسییەکاندا و تایبەت ئەو دۆخەی کە کورد بە گشتی تێیدایە، چەندین جۆری ستراتیژی یاریکردن هەیە کە بتوانرێت کەڵکی لێوەر بگیردرێت و مەرامە سیاسییەکانی پێ بپێکێ، دەبێ هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی ئەم پارچەیەی کوردستان بتوانن، گەمە سیاسییەکان لە بەغداد دەستپێبکەن، هەرێمی کوردستان، لە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی نێو دەسەڵاتی وڵاتی عێراق دەتوانێت خاوەن پێگەیەکی بەهێز ببێت، بەمەرجێک کە حکوومەتی هەرێم یاریکەرێکی سیاسی بێت و بتوانێت ستراتیژی نوێی سیاسی دابڕێژێتەوە بۆ هەڵسانەوە و بەهێز بوون، تا ئەو کاتە ئەوە حکوومەتی فیدراڵییە کە بە کارتی دەستوور و یاسا هەوڵی لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێم دەدات و دەیەوێت وەک هەرێم پێناسەی نەمێنێت، یارییەکە یارییەکی قورسە و کەسی سیاسەتزان و ستراتیژیستی دەوێت کە بتوانێت ئاراستەی یارییەکە بگۆڕێت و هەڵسووڕێنەری کایەکان بێت لە نێوان یاسا و سیاسەتدا. بۆ یاری یاسا و سیاسەت، هەرێم دەبێ بەغداد بکاتە گۆڕەپان و هەر لەوێشەوە دەتوانێت گەمەکە بباتەوە.

◆